## باسی دووەم :هەڵوێستی حکومەتی عێراق و وڵاتانی زلهێز و هەرێمی تایبەت بە ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان :

### تەوەری یەکەم : هەڵوێستی حکومەتی عێراق

حکومەتی عێراق پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم و دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمیش زۆر بە توندی دژی ئەم پرۆسەیەی هەرێمی کوردستان بوو لە کاتێکدا هەرێم پێویستی بە رەزامەندی ناوەند بوو بۆ ئەنجامدانی،دوایی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە لایەن هەرێمەوە لە 25ی ئەیللولی 2017،حکومەتی عێراق زۆر بەتوندی دژی ئەم پرۆسەیە وەستایەوە کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی خۆیدا لە 27ی ئەیللولی 2017 بە کۆی دەنگ بریاری ژمارە55ی تایبەتی دەرکرد سەبارەت بە (ڕاپرسی هەرێمی کوردستان)بۆ رەتکردنەوەی ئەنجامی ریفراندۆم،پێش ئەوەش سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق(حیدر عەبادی)لە 17-9-2017 نووسراوێکی ئاراستەی دادگای فیدراڵی کرد بۆ ئەوەی راپرسی هەرێم بە نادەستووری دابنێت[1]،دادگای فیدراڵی عێراق لە 18-9-2017 بریاری راگرتنی ئەنجامی ریفراندۆمی لە هەرێم و ناوچە جێناکۆکەکاندا[2]،

دوای تێپەربوونی ماوەیەك بەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم کۆمەڵێك ڕووداوی نەخوازراو سەخت ڕووبەرووی هەرێمی کوردستان،ئەویش بە هێرشکردنی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی لە 16ی ئۆکتۆبەری2017 بۆ ئەو خاکانەی کە هێزی پێشمەرگە لە سێ ساڵی رابردوو(2017) بە خوێن و دوایی کشانەوەی سوپای عێراق و پاشەکشەپێکردنی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش دەستی بەسەردا گرتبوو ،بەڵام بەهۆی ئەم هێرشەوە هێزی پێشمەرگە ناچار پاشەکشەی کرد،ئەمەش بەشکستێکی تری بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد دادەنرێت،بێگومان ئەوەش پلان بۆ داڕێژراو بوو بەمەبەستی لاوازکردنی هەرێم لە رووی سیاسی و ئابووری و ئیداری و سنووردارکردنی پەیوەندیە دبلۆماسی و دەرەکیەکانی،وە بێدەنگ بوون و نەبوونی هیچ هەڵوێستێك لە لایەن وڵاتانی زلهێز بەرامبەر ئەم هێرشەی بەغدا[3].وە عێراق بۆ سزادانی هەرێم هەڵسا بە داخستنی فرۆکەخانە و خاڵە سنوریەکان،

سەبارەت بە فرۆکەخانەکان هەرێم خاوەنی دوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیە ئەوانیش فرۆکەخانەی هەولێر کە لە ساڵی 2003 کراوەتەوە لەگەڵ فرۆکەخانەی سلێمانی لە ساڵی 2005 کراوەتەوە وەئەم دوو فرۆکەخانەیە دەروازەیەکی گرنگ بوون بۆ بەستنەوەی هەرێم بە وڵاتانی هەرێمی و جیهانی.دوایی ریفراندۆم ئەم دوو فرۆکەخانەیە تەنها رۆڵی لۆکاڵیان هەبوو،ئەمەش وایکرد هەرێم پەیوەندی بە وڵاتانی تر نەمێنێت.وە هەرێم خاوەنی چوار خاڵی سنوریە ئەوانیش(باشماغ،پەرویزخان،حاجی ئۆمەران،ئیبراهیم خەلیل) کە بەشێك لە دەروازە سنوریەکان

---

1 کاروان اورەحمان اسماعیل،خوێندنەوەیەکی یاسایی بۆ بریاری ژمارە 55ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تایبەت بە بابەتی ڕاپرسی هەرێمی کوردستان،گۆڤاری یاسا و رامیاری،ژمارە23،بەرگی یەکەم،ژمارە 23،ساڵی 2018،لا1 تا 13،

2 شادمان مەلا حەسەن،ریفراندۆم لە نێوان هەڵەو راستیدا،چاپخانەی بەردەست نییە،چاپی یەکەم،ساڵی 2020.لا88.

3 سەروەر حەمە،شازدەی ئۆکتۆبەر بۆ ئەم ناونیشانە تەواونووسراوە؟ ،بەرواری بڵاوکردنەوە27-10-2017،بەرواری سەردان8-2-2021.کات10:20،
http://www.penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/1122-2018-09-02-18-56-38

**Commented [ar1]:** دابنێ ، و بسڕەوە

**Commented [ar2]:** لێرە خاڵ دابنێ لە جیاتی ،

**Commented [ar3]:** ئەمجامی ڕیفراندۆمەکە ئاماژە پێبکە کە لە ٪ چەند دەنگ درا بۆ سەربەخۆیی. لە ویبسایتی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئەم داتایەت دەست دەکەوێت کە سەرچاوەیەکی فەرمییە.

**Commented [ar4]:** ئەیلولی

**Commented [ar5]:** خاڵ دابنێ بڕۆ سەری دێری پەرەگرافێکی تر.

**Commented [ar6]:** بنووسە، وەکو پەرچەکردارێک و لێکەوتەکانی سازدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم، حکومەتی عێراق هێزی جوڵاند بەرەو ئەو ناوچانەی کە پێشمەرگە دەمیاراست لە سەروبەندی هێرشەکانی داعش لە ٢٠١٤.

**Commented [ar7]:** ٢٠١٤

**Commented [ar8]:** خاڵ دابنێ وەرە سەر پەرەگرافێکی نوێ. و ئاماژە بە سەرچاوە بکە لێرە.

**Commented [ar9]:** دەروازی گەشت و ئاڵوگۆڕی دیپلۆماسی ، بوو،

**Commented [ar10]:** باشماغ

داخران[4]،وه گۆرینی ناوی هەرێمی کوردستان بە پارێزگاکانی باکووری عێراق،وه دەرکردن و گواستنەوەی بەرپرسانی کورد و داگرتنی ئاڵای کوردستان لە سەرجەم دام و دەزگا فەرمی و بارەگا حزبیەکان لە کەرکوك و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق[5].عێراق ئەنجامدانی ریفراندۆمی بە نادەستووری و نایاسایی دانا[6]،دوا ئەنجامدانی ریفراندۆم سەرکردایەتی کورد هیچ هەنگاوێکیان نەنا بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی بەلکو راستەخۆ ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان وە حکومەتی ناوەندیش سێ مەرجی دانا بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ ئەوانیش هەڵوەشانەوەی ئەنجامەکانی ریفراندۆم و پابەندبوون بە دەستورو یەکێتی خاکی عێراق[7].بەڵام تاوەکو ئێستا (2021)کۆمەڵێ کێشە بەهەڵواسراوی ماوەتەوە وەکو کێشەی بودجە کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان پرسی نەوت و پێشمەرگە کە پێوستە هەردوو حکومەت هەوڵی جدی بگرنەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

## تەوەری دووەم : هەڵوێستی وڵاتانی زلهێز و هەرێمی

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە لە وڵاتانی هەرێمی و زلهێز پێکدێت هەڵوێستی خۆیان لە رێگەی کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان لە 2109-2017 دەربڕی بە ئامادەبوونی پێنج ئەندامە هەمیشەیەکە(ئەمریکا،فەرەنسا،بەریتانیا،چین،روسیا)بە تێکرای دەنگ ئەنجامدانی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستانیان رەتکردەوە[8]،ولایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە ریفراندۆم لە 25-9-2017 ئەنجام بدرێت و دوابخرێت بە هۆکاری ئەوەی کە هەرێمی کوردستان و عێراق لە جەنگی دژبە رێکخراوی تیرۆرستی وەك داعشن و ئەم جەنگە هێشتا بە شێوەیەکی تەواو کۆتایی نەهاتووە،ئەنجامدانی پرسێکی لەم جۆرە دەبێتە هۆی تەشەنەکردنی ئەم رێکخراوە و سەرقاڵبوونی هەردوو پایتەخت(هەولێر-بەغدا) بەم پرسە کە پرسێکی سیاسیە،لە کاتێکدا کە داعش پرسێکی ئەمنیە و پەراوێز دەخرێت[9] و ئەم هەڵوێستەی ئەمریکاش زیاتر ڕۆنبۆوە لە نامەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کە بۆ سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان Rex Tillerson

---

4 گەیلان عەباس-هەڵمەت محمد-ئەنور کەریم چەند نووسەرن؟ بە فاریزە ناوەکانیان لە یەک جیابکەوە.،لێکەوتەکانی ریفراندۆم،ژووری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆران.ساڵی 2017،لا18-19-20.

5 گۆران هەڵەبجەیی،فشارەکانی عەبادی بۆ سەر دەسەڵاتی هەرێم بە کوێ دەگەن،بەرواری بڵاوکردنەوە11-2-2018،بەرواری سەردان12-2-2021، کاتی سەردانی زیاد بکە
https://www.sharpress.net/op-detail.aspx?jimare=104634

6 بەرهەم عەلی،ریفراندۆم تاپۆنامەی دەوڵەتی کوردستان،چاپخانەی کوردستان،شوێنی چاپ بنووسە لە چ شارێک، چاپی یەکەم،ساڵی2018،لا471.

7 ئازاد وڵەدبەگی،کوردستان و سیناریۆکانی پۆست ریفراندۆم،بەرواری بلاوکردنەوە19-10-2017،بەرواری سەردان 8-2-2021، کاتی سەردانی زیاد بکە
http://www.penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/1121-2018-09-02-18-56-38

8 ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان دژایەتی سەربەخۆیی کورد دەکات، بەرواری بڵاوکردنەوە 22-9-2017،بەرواری سەردان 14-2-2021،کات11:10،
https://www.france24.com/en/20170922-united-nations-security-council-says-opposes-kurdistan-iraq-independence-vote

9 ڕێبوار بابکەیی،سەرچاوەی پێشوو،لا12،

**Commented [ar11]:** بەڵکو ناویان نا سڕکردنی ئەنجامەکانی رێفراندۆم

**Commented [ar12]:** و لە دوای تێپەڕینی ٤ ساڵ هێشتا ...

**Commented [ar13]:** پێم باشە باس لە گەڕانەوەی کورد بکەی بۆ بەغدا و دووبارە دەست نیشانی کردنی سەرۆکێکی کورد بۆعێڕاق کە ئەمە جێ بایەخە. بۆ کوردیش دووبارە گەڕانەوەیە بۆ حکومەتی ناوەند و بەشداربوونە لە پڕۆسەی سیاسی لە عێڕاق.

خاڵێکی تری گرنگ کەمبوونەوەی رێژە و ژمارەی دەنگ و کوردسیەکانی کورد لە پەرلەمانی بەغدا. گرنگە ئاماژەی بۆ بکەی.

**Commented [ar14]:** ساڵەکە راستبکەوە.

**Commented [ar15]:** خاڵ دابنێ

**Commented [ar16]:** با ناوەکەی یەکسەر بنووسرێ لە پاڵ پۆستەکەی.

مەسحود بارزانی ناردبوو ،دوو رۆژ پێش ریفراندۆم کە داوای داخستنی ریفراندۆمی کردبوو وە چەند بەدیلێکیشی پێشنیار کردبوو وەك جێبەجێکردنی ماددەی 140 ی دەستور و رێکەوتن و دانوستان لەگەڵ بەغدا و بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و داهات و نوێنەری دباۆماسی و پێشمەرگە و فرۆکەوانی مەدەنی......هتد هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە وەك هاوبەشی گرنگی هاوپەیمانی دژی داعش دەمێنێتەوە و پشتیوانی و هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ هەرێم و پێشمەرگە بەردەوام دەبێت[10](ئەگەر گفتوگۆکان نەگەیشتنە ئەنجامێکی قبوڵکراو و پەسەند لەبەر نەبوونی متمانە(نیاز)ی بەغدا ئێمە داندەنێین بە پێویستی ریفراندۆم)[11]ئەم ڕوانگەیەی ئەمریکا دانپێدانانە بە سەربەخۆیی کوردستان لە ئایندەدا بە شێوەیەکی ناراستەخۆ و دژایەتی ئەمریکا بۆ ریفراندۆم تەنها دژایەتی بوو بۆ کاتی ریفراندۆم.

وە هەڵوێستی وڵاتێکی زلهێزی وەك ڕووسیا دژایەتی ریفراندۆمی نەکرد و پۆتین بە ئاشکرا و بە راشکاوانە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم ئاماژەی بەوە کرد(کە ئێمە ڕێز لە خواستەکانی گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی دەگرین)[12] و بەهەمان شێوەش وەزیری دەرەوەی ڕووسیا(سێرجی لاڤرۆڤ)پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم رایگەیاند(کوردیش وەك هەموو نەتەوەکانی تری جیهان مافی خۆیانە گوزارشت لە هیواو ئامانجەکانیان بکەن،ئەو ریفراندۆمەش کە بەنیازن ئەنجامی بدەن ئامرازێکە بۆ گەیشتن بەو هیوایە)[13].وە وڵاتانی ئەوروپا و رۆژئاوا بەتایبەت بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا دژی ئەنجامدانی ریفراندۆم بوون لە 25-9-2017[14].وە وە وڵاتانی هەرێمی وەك ئێران و تورکیا بە توندی دژایەتی ئەنجامدانی ریفراندۆمیانکرد،ئێران ریفراندۆمی هەرێمی کوردستانی بە پڕۆژەیەکی سەهیۆنی ناودەبرد و پێی وابوو ئەمە واتای دامەزراندنی ' ئیسرائیلی دووەمە'[15] ئێران لە ڕێگەی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی(بەهرام قاسمی)رایگەیاند (ئێران پشتگیری یەکپارچەیی خاکی عێراق و سەروەری نەتەوەیی دەکات و ئێمە دژی هەر دابەشبوون و جیابوونەوەیەکین لە عێراق).

لەمیانەی سەرۆك وەزیرانی پێشوی عێراق بۆ ئێران و کۆبوونەوەی لەگەڵ ڕێبەری باڵای ئێران{ئایەتوڵلا عەلی خامنەیی}لە حوزەیرانی 2017دژایەتی خۆی بۆ ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان دەربری،وە دوای ریفراندۆمیش ئێران کۆمەڵێك ڕێوشوێنی توندی دژی هەرێم گرتەبەر لەوانەش داخستنی سنورەکانی باشماغ و پەروێزخان و راگرتنی گەشتە ئاسمانیەکان

---

10 قارەمان نادر محمد، لە بریاری ریفراندۆمەوە بۆ شازدەی ئۆکتۆبەر،دەزگای ستاندەر بۆ راگەیاندن و توێژینەوە،ژمارە 23، ساڵی2018،لا22،

11 ناوی نووسەر ئەگەر نییە بنووسە بەردەست نییە، ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان دوای سالێك،بەرواری بلاوکردنەوە 25-9-2018،بەرواری سەردان 1-1-2021،کات 8:24،
https://www.rudaw.net/english/analysis/240920181

12 ڕێبوار بابکەیی،سەرچاوەی پێشوو،لا105،88.

13 زوبێر رەسول ئەحمەد،بنەمای پەیوەندیەکانی رووسیا و هەرێمی کوردستان،گۆڤاری لێکۆڵینەوەی سیاسی و ئەمنی،ژمارە 6،سالی 2020،لا146-147.

14 ماستەر، زانا محمد انور دزەیی،سەرچاوەی پێشوو،لا 110

15 کوردۆ شابان،ریفراندۆم چەسپینی ئیرادە و پارێزەری داهاتووی گەلێك،چاپخانەی رۆکسان، ناوی شوێنی چاپ،چاپی یەکەم،سالی 2018،لا145.

**Commented [ar17]:** مەسعود

**Commented [ar18]:** خاڵ دابنێ و وەرە سەرەتای پەرەگرافێکی تازە.

**Commented [ar19]:** لە هەمان کاتدا ...

**Commented [ar20]:** لەو ڕێکەوتەی پێشنیازکرابوو بۆ سازدانی پرۆسەکە.

**Commented [ar21]:** سەرجاوە لێرەش ئاماژە پێبکە.

**Commented [ar22]:** سەردانی

**Commented [ar23]:** ئەم جۆرە کەوانەیە لابدە

**Commented [ar24]:** خ

بۆ هەولێر و سلێمانی[16]،هۆکاری نیگەرانیەکانی ئێران بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمی هەرێم بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە لەوانی

یەکەم: ئێران ترسی لەوە هەیە کە ریفراندۆمی هەرێم ببێتە هۆی جوڵاندنی هەستی نەتەوایەتی کوردی ناوخۆی ئەو وڵاتە ئەوانیش هەمان هەنگاو بنێن و باشووریش ببێتە شوێنێك بۆ پشتیوانیکردن لە کوردەکانی چارچەکانی تری کوردستان.

دووەم: بە هۆی ئەوە کە ئێران تاکە دەوڵەت بوو بە ئاشکرا دژایەتی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکرد و ئێران رایگەیاند کە ڕێگە نادەین ئیسرائێلێکی تر لەسەر سنورەکانمان درووست بێت.

سێ یەم: بە جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق ئێران هەژموونی بەرەو لاوازی دەچێت و تەنها هەژموونی بەسەر عێراق دەمێنێتەوە.

سەبارەت بە هەڵوێستی تورکیاش بە هەمان شێوەی ئێران دژایەتی خۆی بۆ ریفراندۆم دەربری لەڕێگەی بەرپرسە باڵاکانی ئەو وڵاتەوە لەم بارەیەوە سەرۆك کۆماری تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆگان رایگەیاند(هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی لە باکووری عێراق هەڵەیەو هەڕەشەیە لەیەك پارچەیی عێراق)وەرچەندە تورکیا لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆر بەتوندی دژی ڕیفراندۆم بوو بەڵام وەکو ئێران هەنگاوێکی پراکتیکی نەگرتەبەر بۆ داخستنی سنورەکانی و هەندێك پێیان وابوو کە تورکیا لە پشت ریفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستانەوەیە بە هۆی ئەوەی پەیوەندیەکی بەهێزی دیبلۆماسی ئابووری لە نێوان هەرێم و ئەنقەرەدا هەیە، وە تورکیا ریفراندۆمی هەرێمی قوستەوە بۆ نزیك بوونەوە لە ئێران و عێراق،وە تورکیا هاوشێوەی ئێران ترسی لەوە هەیە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەبێتە هۆی ناسەقامگیری سیاسی و ئەمنی لە ناوخۆی ئەو وڵاتە بە هۆی بوونی کورد[17].

تورکیا ئەوەی راگەیاند کە ریفراندۆم بەبێ راوێژکردن و ئاگاداری تورکیا بووە کە ئەمەش وایکرد پەیوەندیەکانی تورکیا و هەرێم تووشی قەیران بێت[18]،سەبارەت بە هەڵوێستی دەوڵەتی ئیسرائیل کە تاکە وڵات بوو بەشێوەیەکی ئاشکرا پشتیوانی لە سەربەخۆیی کرد لە کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆم ئاڵای ئیسرائیل بە تەنیشت ئاڵای کوردستانەوە هەڵکرا[19].هۆکار گەلێکی سیاسی -ئەمنی- جیۆپۆلەتیکی-ئابووری وایانکردوە کە ئەو وڵاتانە هەڵوێستیان هەبێت بەرامبەر ئەنجامدانی ریفراندۆم،

Commented [ar25]: وەکو فشارێک بۆ سەر هەرێمی کوردستان

Commented [ar26]: لەوانە:

Commented [ar27]: بنووسە کوردانی رۆژهەڵاتی کوردستان

Commented [ar28]: پارچەکانی

Commented [ar29]: هەرچی پەیوەستە بە هەڵوێستی

Commented [ar30]: وەکو چ قەیرانێک؟

Commented [ar31]: لە هەمان کاتدا هەڵوێستی دەوڵەتێکی وەکو ئیس

Commented [ar32]: خاڵ دابنێ.

Commented [ar33]: لە چ شوێنێک؟

Commented [ar34]: خاڵ دابنێ و وەرە سەرەتای پەرەگرافێکی نوێی.

---

16 بێستون حسێن عارف،ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان رکابەرەکانی کرد بە دۆست،ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان،بەرواری بڵاوکردنەوە 1-11-2017،بەرواری سەردان 10-2-2021،کات 2:50،https://www.kurdistanc.com/political/details.aspx?jimare=1245

17 بێستون حسین عارف،سەرچاوەی پێشوو.

18 قارەمان عەلی،تورکیا و هەرێمی کوردستان دوای ریفراندۆم ئایندەی پەیوەندیەکانیان، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان،ژمارە 8، ساڵی2018،لا12.
https://www.kurdistanc.com/Political/details.aspx?jimare=1309

19 ئۆفرا بێنگۆ،ئایا پشتیوانی ئیسرائیل بۆ سەربەخۆیی کوردستان یارمەتی کوردی دا یان زیانی پێگەیاند،سەنتەری سادات بۆ دیراسەتی ستراتیژی،بەرواری بڵاوکردنەوە 9-11-2017،بەرواری سەردان 3-1-2021،کات3:10
https://www.jstor.org/stable/resrep04454?seq=1#metadata_info_tab_contents

دوای ریفراندۆم و ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر وایانکرد کە هەرێم لە پێگەیەکی سیاسی بەهێز ببێت بە پێگەیەکی سیاسی لاواز و تەنانەت هەندێ لە وڵاتان وەك پارێزگایەکی عێراق ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرد.پێویستە دەسەڵاتداران و بڕیار بەدەستانی هەرێم کار بۆگەڕاندنەوەی ئەوە ڕۆڵ و پێگەی هەرێم بکەن لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە هەرچەندە لە ئێستادا هەرێم پەیوەندیەکی ئاسایی لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی و زلهێز هەیە، بەڵام هەمان ئاستی ئەو پیوەندیانە نییە کە پێش ریفراندۆم هەبوو،وە گرتنەبەری هەر هەنگاوێکی سیاسی و دباۆماسی و یەکخستنەوەی ناومالّی کورد و یەکدەنگبونیان لە ناوەخۆ بۆ ئەوەی کورد بتوانێت بە ئامانجە رەواکانی خۆی بگات.

**Commented [ar35]:** کار کراوە تا رادەیەک پەیوەندییەکان دووبارە بەرەو ئاسایی بوونەوە چوونە. بەڵام لەگەڵ بەغدا یا ئێستا لە قەیراندان و بەردەوامی هەیە. کە رەنگە بە ناراستەوخۆ پەیوەندی بە ئەنجامەکانی رێفراندۆمەوە هەبێت.

**Commented [ar36]:** پەیوەندیانە

**Commented [ar37]:** دیبلۆماسی.